# سیواوك و ڕیش بەردانەوەی ئیسلامیەکان

کوردی

لە کاتێکدا باس لە کەمایەتی مافی ئافرەت ئەکەم مانای ئەوە نیە من ئاینی ئیسلام بە هەڵە دابنێم. بەڵکو دەبێ باشی و چاکی باس بکەین و ڕاسگۆ بین لەگەڵ خۆمان و پێنووسەکەمان. ئاینی ئیسلام درووست بوو لە چەوساندنەوەی کۆیلەکان و لادانی ڕەووشتی کۆمەلگای عەرەبی ئەمە ڕاستی یەکی مێژوویيە کەس ناتوانێ ڕەتی ئەم ڕاستیە بداتەوە. ئەگەر حەزیش دەکەن چەند گاتێکی قورئانتان ئەخەمە بەردەست

ئاینی ئیسلام خزمەتێکی زۆری کۆمەلگای عەرەبی کرد و گۆرانکاریەکی زۆری بەسەر عەرەب هێنا هەندێ لە کۆیلەکان رزگاریان بوو هەروەها ئافرتیش کە هیچ بایەخێکی نەبوو لەلای عەرەب بەهۆی ئاینی ئیسلام ئافرەت بوو بە نیو مرۆڤ

وەئەگەر محمد مستەفا لە ژیان مابا و زوو کۆچی نەکردبا ئەوا ئافرەت داهاتە ریزی پیاو چونکە ئاینی ئیسلام بڕوای بە گۆرانکاری هەبوو بۆنموونە ئایەتی ناسخ و منسوخ هەبوو واتە ئایەتێک ئایەتێک ڕەش دەکاتەوە هەروەها (فقە و شریعە) هەیە لەناو ئاینی ئیسلام واتە هەندێ دەستور هەیە نەگۆرە وە هەندێک هەیە بە پێی پێوویست ئەگۆردرێت

بەڵام بەداخەوە عەرەب بۆ بەرژەوەندی خۆی نایگۆرێ بەڵام ئەگەر هەندێ شت لە بەرژەوەندی خۆیان بێت ئەوا دەتوانن دەست کاری قورائانیش بکەن وە کو عەلی کوری تالیب کە ئامۆزای محمد و چوارەم خەلیفەی ئیسلامی بوو

لەکاتێک ئاینی ئیسلام زۆر پەرەی نەسەندبوو هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکان و ناودارەکان کە دەسەڵاتیان هەبوو هەروەها مەترسیەک بوون لە سەر ئیسلام کە ناویان لێنرابوو (مولفە القلوب) بڕێک پارەیان ئەدرایە بۆ ئەوەی دژایەتی ئیسلام نەکەن و دلیان نەرم بێت و ببن بە ئیسلام وەک خوا لە گاتی ٦٠ لە بەشی التوبە ئەلێ: خێرکردن بۆ ئەوانەی هەژارن و ئەوانەی مولفە قلوبن١

وە ناوی ئەم کەسانەش باوکی سوفیان و کورەکەی پاشان کورەکەی بوو بە ئیسلام، حارس کوری هیشام، حکیم کوری حزام وە چەند کەسانێکی تر بەلام لەگەڵ پەرەسەندی دەسەلاتی ئیسلام علی کوری تالیب ئەم ئایەتەی ڕەت کردەوە وە پارەی نەدا بە هیچ کەسێکی تر ووتی ئەوا لەکاتێک بوو کە بێ هێز بووین بەلام ئێستا بە هێزین کەواتە ئیسلام توانای گۆرانی هەیە وە ئێستاش دەتوانین مافی ئافرەت بدەین وەکو پیاو مامەڵەی لەگەڵ بکەین بەڵام چۆن ئایا کورد توانای ئەوەی هەیە بەرنگاری عەرەب بێتەوە کە عەرەب لە ناخی خۆیدا ئاینی ئیسلام بە هی خۆی دائەنێت نەک سەرجەم خەلکی سەر دوونیا

بەڵام لەم بڕوایەم کورد ناتوانێت دەست کاری بەرژەوەندی عەرەب بکات

هەموو ئاینەکان ئەوانەی سەرزەمینین و ئاسمانین دژی تاوانن دژی هێزی خراپن بەڵام سەرکردەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن و ئاین وەک کارتێک بەکاری دەهێنن لە هیچ ئاینێک تاوان حەلال نەکراوە یەڵام هیچ ئاینێکیش

بەرنامەکەی تەواو نەبووە وە یاخود بۆ زەمانێکی تر ناشێ و دەبێ گۆرانکاری بەسەر بێت

لەسەردەمانی محمد زۆر زەحمەت بوو پیاو بتوانێت هەموو ڕۆژێ ڕیشی بتاشێ لەبەر نەبوونی گۆێزان بۆیە محمد بەئەرکێکی پێوویستی دانەنا هەر بۆیە زاتی خۆشی تەنکە ڕیشێکی هەبوو

بەڵام لەم سەردەمە کە گۆێزان هەیە پێتان وانیە پیاو ڕیشی بتاشێ باشتر و جوانترە لەو شێوازەی کە بەریشەوە هەیەتی

برا ئیسلامیەکان ئایا بیر لە ئافرەتەکانتان ناکەنەوە لەکاتی جووت بوون کە ئافرەتەکە هیچ تامێک لە پیاوەکە ناکات و بەڵکو بێزی لێ دەبێتەوە بۆچی کە پیاو سێکس لە گەڵ ئافرەت ئەکات حەز ئەکات بێ تووک و لووس بێت ئایا پێتان وانیە ئافرەتیش هەمان هەستی هەبێ

برا ئیسلامیەکان لەدڵتان گیر نەبێ بەڵام لە ئاین و زانست شەرم نیە بۆیە دەبێ ڕەچاوی ئافرەتەکانیش بین، ریش بەردانەوە سونەتە نەک ئەرکە کەواتە دەتوانن ڕای ئافرەتەکانتان وەربگرن لە بوونی ڕیشتان یان لە نەبوونی

ئێمە نابێ هەموو شتێک بەدەستووری عەرەب بجوڵێنەوە، کە لە کوردستان بووم هەروام دەزانی جزداشیەکانی مەلا جلێکی ئیسلامیە بەلام ڕۆژێ مەلایەکی ئەفغانیم دی کە جلی خۆیانی لە بەربوو لەمە تێگێشتم کە ئەفغانی موسلمانن بەڵام دەستووری جلی خۆیان ناگۆرن بەهەمان شێوە مەڵایەکی پاکستانیم دی جلی کەلتووری خۆیانیان لەبەر بوو کەواتە بۆچی مەلاکانی ئێمە جزداشیەی عەرەبی لەبەر دەکەن خۆ ئەگەر محمد کوردبا ئەوا جلی کوردی لەبەر دەبوو ئایا عەرەب جلی کوردی لەبەر دەکرد. . . بڕواناکەم

براکان بائێمە لەلایەن خۆمانەوە بگۆردرێن باهێندە پابەندی عەرەب نەبین

خالێکی تر کە زۆر گرینگە

محمد مستەفا زیرەکترین مرۆڤی سەرزەمین بووە وەهەروەها داهێنەریش بووە لەکاتێک کە عەرەب نانیان دەخوارد هیچ ئامێرێکی پاک کردنەوەی دەم و ددانیان نەبوو نەک هەر عەرەب بەڵکو هەموو میللەتانی تریش بەلام محمد بیری لەوە کردەوە دەبێ بۆنی دەمی خەلک نەهێڵێت ئەوەبوو سیواوکی هێنا کایەوە بەمەش هەنگاوێکی زانستیانە بوو بۆ کۆمەڵگایی خۆی و کۆمەڵگایەکانی تریش، ئەوەبوو محمد سیواوکی بە شتێکی پێوویست دانا

بەلام لەگەڵ پێش چوونی زانست و کۆمەلگا هەزارەهان دەرمان و فلچەی پێش کەوتوو هاتە کایەوە ئایا دەبێ ئێستاش هەر ئێمە سیواوک بەکار بهێنین، عەرەبی ئیمڕۆ بازرگانیەکی گەورە بەوە دەکات دەڵێ ئەمە سونەتە دەبێ بەکاری بهێنن کوردی خۆشمان لەکاتێک دەچێت بۆ حەج پارەیەکی یەکجار زۆر خەرج دەکات بۆ بەرژەوەندی و گیرفانی عەرەبەکانی سعودیە

بەرێزان ئێمە لە سەدەی بیست تێپەرماندا ئایا ئەمە شتێکی جوانە پارچە دارێک لە گیرفانمان دائەنێن و ددانمانی پێ خاوێن دەکەینەوە ئایا ئەگەر محمد لە سەر ژیان با ئێستا سیواوکی بەکاردەێهێنا یان فلچەی و دەرمانی بەکاردەهێنا

برا بەرێزەکان من لێردا بەهیچ شێوەیەک هێرش ناکەمە سەربیر و باوەرتان یاخود توانجێکی گاڵتەکردن بکەم پێتان، بەڵکو ئامانجم یەکگرتنەوەی هەموو چین و توێژێکی کوردیە، با هەموومان لە ژێر یەک ئالا یەکبگرینەوە، با بێگانە دەربکەین لە نێو خۆمان

بەرێزان دەمێژووی خۆتان بخوێنەوە لەگەڵ مێژووی بێگانە، عەرەب و فارس وتورک سەرنج بدەن کە چۆن لە رێگای ئاینەوە هەموویان وڵاتیان بۆ خۆیان درووست کرد و ئاین وەک کارتێکی ڕامیاری بەکاریان هێنا، وە چەرخیشیان بە ئارەزووی خۆیان گۆریووە، بەلام کوردی ساویلکە تەنها بە دەرۆێشانە بابەتەکانی وەرگرتووە کە سوودمان تەنها بۆ بێگانە بووە خۆشمان تەنها ماڵ وێرانیمان بۆ ماوەتەوە

دەسەیری عوسمانیەکان بکەن کە چۆن لە ڕێگای ئاینەوە گەورەترین ئیمبراتۆریەتیان دامەزراند بوو وە ئەفسەرە شەرکەرەکانیشیان کورد بوون

لە پاش کۆتای جەنگی جیهانی یەکەم کە ئیمبراتۆریەتەکەیان هەلوەشایەوە نەیان هێشت دووژمن فریای هیچ بکەوێ کمالی گۆر بەگۆر تورکستانی دامەزراند نەیهێشت میللەتەکەی وێران بێت تەنانەت کوردی چەوساندەوە بۆ بەرژەوەندی میللەتی خۆی، با ئێمە کەس نەچەوسێنینەوە تەنها خۆمان ڕزگاربکەین با چی تر یەدەستی بێگانە نەکوژرێن

ئاخ بۆ سەرکردەیەکی کمال کوردی کە کورد ڕزگاربکات و هیچ نەتەوەیەکی تر نەچەوسێنێتەوە

ئێمە نە لە ئاین سودمان وەرگرت وە نە نەتەوەپەرستیش بووین بۆیە بووین بە کلک و پاشکوی بێگانە. دووژمن لە سەر ماڵی کورد بوو بە وڵاتی پێشکەوتوو کە نەوت و کانزا بەهاکانمان ئەفرۆشن و لەکاتی پێوویست چەکی پێ ئەکرن و کوردی پێ ئاوارو دەربەدەر دەکەن. ئێمە وەکو قەرەج لەم وڵات ولەم وڵات کرێکاری دەکەین ئاخر هەر قەرەج وڵاتی نیە ئێمە چ جیاوازیەکمان هەیە لەگەڵیان

هەزار جار هەزار جار هەزار جار

ئافەرین بۆ سەرکردەکان هەزار جار پیرۆزتان بێت ملّچە ملّچی شێخەکانی دوورگەی عەرەبی، ئەم ماچانە هەر پێشکەش بەخۆتان و حزبەکەتان بێت نەک پیرۆزی کوردستان

التوبە ٦٠ : سەرچاوە
انما الصدقت للفقراء و المسكين و العملين عليها والمؤلفة قلوبهم و في الرقاب و الغرمين و في السبيل الله و ابن السبيل فريضة من الله و الله عليهم حكيم

www.kurdistannet.org کوردستان نێت